Kurdistan Regional Government
Ministry for Sports and Youth

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان

ژمارە / 69
ڕێکەوت 2006-12-28

بۆ / هەموو دەستگەکانی ڕاگەیاندن

ب / گواستنەوەی پرۆژەی دووچەرخەی لاوان

پرۆژەی دووچەرخەی لاوان یەکێکە لە پرۆژە تایبەتەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان. مەبەست لێی دامەزراندنی خانەی فێرکارییە تێیدا لاوان بەدەم بەستنی بایسیکلەوە فێری زمان و تەکنیکی نوێ ببن.

ئەم پرۆژەیە لە پاییزی 2006 ەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێت و وەک چەند جارێک لە ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە، شاری خانەقین دیاری کرابوو بۆ پیادە کردنی ئەم پرۆژەیە.

ڕۆژی 2006-11-23 شاندی وەزارەت سەردانی بەڕێز قایمقامی خانەقینیان کرد بە مەبەستی دابین کردنی خانەیەکی تایبەت بە پرۆژەکە. لەو دیدارەدا قایمقام بە ئامادەیی و ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقین بڕیاری دا هۆڵێکی تایبەت، هۆڵی داخراوی ئامادەیی پیشەسازیی خانەقین، بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان بکرێت. هەموو لایەک لەسەر ئەو بڕیارە ڕێک کەوتن.

ڕۆژی 2006-12-23 کەلوپەلی بایسیکل لە چینەوە گەیشتە خانەقین و تیمی بەڕێوەبردنی پرۆژەکە، کە دوو لاوی خانەقینین، یەکیان کارگێڕ و یەکیان ئەندازیاری پسپۆڕ لە هەندەرانەوە بۆ ئەم مەبەستە گەڕاوەتەوە کوردستان، کەوتە کار. بەڵام بەرپرسانی هۆڵەکە ڕێیان نەدا کار لەو هۆڵەدا بکرێت و قایمقامییەتی شارەکەش نەی توانی جێیەکی دیکەی لەبار بۆ پرۆژەکە دابین بکات.

لەبەر ئەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان بە ناچاری بڕیاری دا پرۆژەکە بگوێزێتەوە بۆ شارێکی دیکە. ئەم ڕاگەیاندنەش بۆ ڕوون کردنەوەی هۆکاری ئەو بڕیارەیە.

----------------------

گەر دەزگەکانی ڕاگەیاندن پێویستان بە زانیاری زیاتر هەبێت دەکرێ پەیوەندی بگرن بە پەرپرسی پرۆەکانی وەزارەتەوە، ئاسۆس شەفیق بە ئیمەلی asos_shafeek@yahoo.se